ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

# • عیراقچێتی
# داگیرکەر و بورجوازی کوردستان
# • کوردستانی بونی
# کرێکاران و رەنجدەران

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
نیسانی ۱۹۸۳
خاکەلێوەی ۱۳۶۲

خستنە سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

ئەی کرێکاران و گەلانی زۆرلێکراوی دنیا یەکگرن!

# • عیراقچێتی

# داگیرکەر و بورجوازی کوردستان

# • کوردستانی بوونی

# کرێکاران و رەنجدەران

کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان
نیسانی ١٩٨٣
خاکەلێوەی ١٣٦٢

عەبدولڕەحمان کتێب

ماوەیەکە ، لە جاران گەرمتر نوێنەرانی بورجوازی عەرەبی عیراق دژی بیری کوردستانی بون ئەدوێن وبیری عیراقچێتی بلاو ئەکەنەوە ، تەنانەت سەدام حسین رێبەری شۆڤێنی ترین توێژی بورجوازی ناسیۆنالیستی عەرەبی و سەرکردەی حیزبی بەعسی عەرەبی هەرێمی عیراق چەند کۆڕ و کۆبونەوەیەکی تەرخان کرد بۆ باسکردنی عێراقچێتی و پێویستی تواندنەوەی هەستی کوردستانی بونی کورد لە بۆتەی عیراقچێتی دا ، وە زۆر بە بێزاری وناڕەزاییەوە باسی کوردستانی بونی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی عیراقی ئەکرد و گلەیی ئەوەی لێ ئەکردن کە گوایە خۆیان بە عیراقی نازانن ، و لە جەنگی عیراق ـ ئێران دا ، خۆیان لەسەر خاکی عیراق بە کوشت نادەن و خۆیان لە جەنگی پاراستنی عیراق ئەدزنەوە ۰

راستە کە کۆمەلانی خەلکی کوردستان خۆیان بە عیراقی نازانن ، عیراق بە نیشتمانی راستەقینەی خۆیان نازانن ، ئەگەر دەرفەتیان ببێ و بۆیان بلوێ خۆیان لە سەر دەولەتی عیراق بە کوشت نادەن و بیری عیراقچێتی رەت ئەکەنەوە ۰ چونکە کورد لە بە عیراقی کردنی دا ، جگە لە پارچە پارچە کردنی نەتەوە و نیشتمانەکەی لە مەینەتی چەوسانەوە و زۆرلێکردنی نەتەوایەتی و چینایەتی بەولاوە هیچی تری دەست نەکەوتوە ۰

هەواڵنامەی کتێب

کورد لە بە عیراقی کردنی دا ، بۆتە نەتەوەیەکی ژێر دەستە و هاووڵاتی پلەی دوەم و زۆرلێکراو لە هەمو مافێکی مرۆیی و نەتەوایەتی خۆی بێ بەری بوە . لە فەرمان ڕەوایی عیراق و بەڕێوەبردنیدا هیچ دەسەڵاتێکی نیە ، لە بڕیارکردنی ئێستا و پاشەڕۆژی عیراق دا مافی بەشداری کردنی نیە ... دەسەڵاتی سیاسی ، وە خێرو سامانی عیراقیش لە بریتی ئەوەی گوزەرانی خۆش و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی بۆ دابین بکەن ، باری چەوساندنەوە و پاشکەوتنی گرانتر و توندو تیژتر ئەکەن و هەڕەشە لە بونی نەتەوایەتی خۆی و لەڕوخساری نەتەوایەتی کوردستان ئەکەن . ئیتر چۆن خۆی بە عیراقی بزانێ و خۆی لەسەر عیراق بە کوشتبدا؟.... چۆن بیری عیراقچێتی قبوڵ بکا و بیری کوردستانی بون فەرامۆش بکا؟...

" عیراقچێتی " و بیری "کوردستانی بون "، بابەتی ئەم باسەمانن ، هەوڵ ئەدەین هەندێ تیشکی بخەینەسەر ، بە نیازی ئەوەی کە لە دەرفەتێکی تردا بتوانرێ ئەم باسە زیاتر دەوڵەمەند بکرێ .

" عیراقچێتی و " کوردستانی بون " دو بیری ناکۆک و پێچەوانەی یەکترین ، دو شێوە بۆچونی جینایەتی و نیشتمانی جیاوازن . لەوەتی بەشێکی کوردستان لکێندراوە بەعیراقەوە ناکۆکی و ململانێ لە نێوانیان دا پەیدا بوە .

" عیراقچێتی " ئەو بیروبۆچونەیە ، کە داگیرکەر بڵاوی ئەکاتەوە و بوڕحوازی کوردستان بالۆرەی بۆ لێ ئەدا ، ئەیەوێ کوردستانی عیراق بکاتە بەشێکی هەتا هەتایی و لەیەکەوی عیراق ، لەسەر حیسابی نیشتمانی کوردستان و نەتەوەی کورد ، ئەیەوێ عیراق بکاتە دەوڵەتێکی سفت و لەیەکچو ، کوردستانیش بە بەشێکی لەپساندن نەهاتوی و بە بەشێکی نیشتمانی عەرەبی ، کە ڕەنگ و ڕوخساری عیراقی عەرەبی پێوە بێت .

" کوردستانی بون " یش سور بونی زەحمەتکێشانی کوردستانە لەسەر پاراستنی کوردستان و نەتەوەی کورد لە تیانەچون و نەتواندنەوە . قایل نەبونە بە تێکدانی پەیوەندی و مەرجەکانی نەتەوەیی کورد ، رازی نەبونە بە جیاکردنەوەی بەشێکی کوردستان و قوت‌دانی . ئەو بیرو بۆچونەیە کە دەربازبونی کورد لە چەوسانەوەی نەتەوایەتی و گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵی کوردستان لە چوارچێوەی کوردستان و لە رزگاری نیشتمانی و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی دا ئەبینێ .

## عیراقچێتی داگیرکەر

لەپاش یەکەمین جەنگی جیهانیەوە ، لەو کاتەوە کە ئیمپریالیستەکان لە نەخشەی دابەشکردنەوەی دنیادا ، بە گوێرەی ویست و بەرژەوەندی خۆیان و پێچەوانەی ویستی گەلانی ناوچەکە کوردستانیان بەسەر دەوڵەتانی تورکیا ، ئێران ، عیراق ، سوریادا دابەشکرد ، و بەشێکی کوردستان خرایە سەر بەشێکی نیشتمانی عەرەب ، و دەوڵەتی عیراقی پێ دامەزرا ، هەوڵ و تەقەلای داگیرکەری ئینگلیزی روی کردە ئاسایی کردنەوەی ئەو لێک دابرین و پێکەوە لکاندنە تازەیە ، ( دابرینی بەشێکی کوردستان لە پارچەکانی تری ، و دابرینی بەشێکی نیشتمانی عەرەب لە باقی پارچەکانی تری و پێکەوە لکاندن و لە قالبدانیان بە شێوەیەکی واکە لەگەڵ بەرژەوەندیە بنچینەییەکانی ئیمپریالیزم لە ناوچەکەدا بگونجێ ، و بەردەوام بونی تالانکردنی سامانی نەتەوەیی ( سروشتی و مرۆیی ) گەلانی ئەم ناوچەیە مسۆگەر بکات ، و بازاڕێکی پڕ فروختی هەمیشەیی تیا دابین بکات . ) .

ئاسایی کردنەوەی ئەو دابرین و پێکەوە لکاندنە ، ئەبو بەر لە هەمو شتێ ئەم بەشەی کوردستان لە روی ئابوریەوە

ببەستێتەوە بە عیراقەوە ، و ڕێوشوێنی هەڵنەوەشانەوەی ئەو بارە تازەیە ، ئەو واقیعە سیاسیە دروستکراوە دابنێ ، بۆیە ئەبو لەروی فیکریشەوە بیری عیراقچێتی لەم بەشەی کوردستان دا بڵاو بکاتەوە و بی چەسپێنێ . لەبەر ئەوە بە هەمو هۆیەکی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی بیری عیراقچێتی و هەوڵدان بۆ لە بیر بردنەوەی پەیوەندی لەگەڵ پارچەکانی تری کوردستان دا .

عیراقچێتی ئیمپریالیزم ڕو لەوە بو کە هەم کوردی کوردستانی عیراق لە کوردستان و پەیوەندی نەتەوایەتی دابیڕێ و هەستی عیراقی بونی لە لا بچەسپێنێ ، هەم عەرەبی عیراق لە نیشتمانی عەرەبی و پەیوەندی نەتەوایەتی عەرەبی دابڕێ و هەستی عیراقی بونی لە لا قوڵ بکاتەوە . تاوەکو نە کورد و هەستی نەتەوایەتی کورد و جوڵانەوەی نەتەوایەتی ، نە عەرەب و هەستی نەتەوەیی عەرەبی و جوڵانەوەی نەتەوایەتی عەرەبی ، بازاڕی هێمن و ئارامی عیراقی لێ نەشێوێنن ، کەرەسەی خاوی ئەو مەڵبەندەی لە کیس نەدەن ، و دەستی هەرزانی کاری لە کیس نەدەن .

بەڵام کە ئیمپریالیستەکان لەم ناوچەیە کشانەوە و دەسەڵاتی ڕاستەوخۆیان تیانەما ، ئەم بەشەی کوردستان کەوتە ژێر چەپۆکی بورجوازی عەرەبی عیراق ، ئەوسا بیری « عیراقچێتی » و پێویستی بڵاوکردنەوە و چەسپاندنی مانای قوڵتر و مەودای تازەتری بە خۆیەوە گرت . بە کشانەوە یا دەربەڕاندنی دەسەڵاتی ئیمپریالیزم نەتەوەی کوردی دابەشکراو و زۆرلێکراو ، مافی بڕیاردانی چارەنوسی خۆی دەستگیر نەبو ، لە دابەشکردن و چەوساندنەوە دەرباز نەبو ، ئەو واقیعە تازەیەی ئیمپریالیزم بەسەریدا سەپاند نەک هەر وەکو خۆی مایەوە ، بەڵکە مەترسی سڕینەوەی کوردستان و تواندنەوەی نەتەوەی کوردیشی هاتە سەر . لە بەر ئەوە تا ئەمات هەست و بیری گەڕانەوە بۆ باوەشی

کوردستانی گەورە و سوور بوون لەسەر کوردستانی بوون و قایل نەبوون بە تواندنەوە زیاتر پەرەی ئەسەند ٠

بورجوازی عەرەبی عیراق ، چاوی لە هەڵلووشینی ئەم بەشەی کوردستان بوو ، چاوی لە تاسەر تاڵانکردنی خێر و سامانی کوردستان بوو ، بۆیە بڵاوکردنەوەی بیری عیراقچێتی ئەبوو هەم جێ بە بیری کوردستانی بوون لێژ بکات ، هەم زەمینەی فیکری دابڕینی تەواو لە بەشەکانی تری کوردستان و لە هەستی نەتەوایەتی کورد ، دابین بکا ، تا سڕینەوەی ڕوخساری کوردستانی خاك و تواندنەوەی خەڵکەکەی لە بۆتەی نەتەوایەتی عەرەبی دا ئاسان بکا ٠

بەمجۆرە عیراقچێتی بورجوازی عەرەبی داگیرکەر ، بۆ تاڵانکردنی بازاڕی کوردستان و کەرەستەی خاوی و دەستی هەرزانی ، لە ڕوانگەیەکی ناسیونالیستی ڕەگەز پەرستانەوە ، ڕوو لە بە عەرەب کردنی کورد و کوردستان بوو ، هەل و مەرجێکی پڕ لە مەترسی بۆسەر کورد و کوردستان پەیداکردە بە ئاقاری تواندنەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەی عەرەبی دا و سڕینەوەی واقیعی نەتەوەیی کوردستان واتە بەرەو هەڵلووشینی کوردستانی عیراق ٠ بەوەش زەبروزەنگ و کاری دڕندانە دەرهەق گەلی کورد زیاتر پەرەی سەند ، کۆسپ و قۆرتی زیاتر خرایە ڕێگەی گەشەکردنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی کوردستان ... و پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان بە تەواوەتی شێوا ، هەلومەرجی لەبار بۆ گەشەکردنی بورجوازی بازرگانی و بورجوازی بیروکراتی ومشەخۆر سازکراو ، بە تەواوی بەر بە گەشەکردنی بورجوازی پیشەسازی گیرا ٠

بورجوازی عەرەبی عیراق ، بۆ ئەوەی بتوانی قووتدان و لە قاڵبدانی کوردستان لە چوارچێوەی عیراقدا جێبەجێ بکا ، دوای ئەوەش تواندنەوەی کورد لە بۆتەی نەتەوەیی عەرەبی و سڕینەوەی ڕوخساری کوردستان مەیسەر بکا ، واتە

هەواڵنامەی کتێب

بتوانێ بە چاکی کوردستانی عیراق هەڵلوشێ ، و مەترسیە کانی بیری کوردستانی بون لەسەر نەخشەکانی خۆی نەهێڵێ ، هەر لە زوەوە دەستی کرد بە جێ بە جێ کردنی سیاسەتێکی رەگەز پەرستانە و بە گوێرەی بەرنامەیەکی تایبەتی سیاسەتی بە عەرەب کردنی ناوچەکانی کوردستانی گرتە بەر ، تا توانی گەلێ ناوچەی گرنگی کوردستان بە عەرەب بکا و شوێنەواری کوردستانی بونی تیا بسرێتەوە . بەڵام لەبەر ئەوەی بە ژمارەی دانیشتوانی عەرەبی عیراق تواندنەوەی کورد کارێکی زەحمەت بو ، دەستی کرد بە زیاد کردنی ژمارەی عەرەبی عیراق ، وە لەپاڵ هاوردنی سەدان هەزار عەرەبی ولاتانی تری عەرەبی ، لە سالانی ١٩٦٨ـ ١٩٨٢ نزیکەی ٢٠٠ هەزار کوردی بە بیانوی ئێرانی بونەوە لە عیراق کردە دەرەوە ، لە سالانی ١٩٦٣ ـ ١٩٨٢ سەدان هەزار کوردی تری لە ناو شاری کەرکوك و قەزاکانی دوبز ، دوزە گفری ، خانەقین تەلەعفەر ، سمێل ، شەنگار ، تەقتەق دەربەدەر کردو لە جێگەیان سەدان هەزار عەرەبی نیشتەجێ کرد و لە سالانی ١٩٧٥ـ ١٩٧٨ بۆ دابرینی کوردستانی عیراق لە پارچەکانی تری کوردستان ، و بۆ تێکدانی پەیوەندیە نەتەوایەتیەکانی و پساندنی قولایی ستراتیجی جولانەوەکەی نزیکەی ٧٥٠ هەزار کوردی لە ناوچەکانی سنور راگوێزا و گوندەکانی تەخت کردن .

بیری " عیراقچێتی " کە بورجوازی عەرەبی فەرمانرەوای عیراق هەولی بلاوکردنەوە و چەسپاندنی ئەدا ، ئەیەوێ جێ بە بیری کوردستانی بون لێژ بکات و لە ریشە هەڵبکێشێ، رێگە لە پەیوەندیەکانی نەتەوەیی کورد و نێوان پارچەکانی کوردستان بگرێ و خەلکی کوردستانی عیراق لەسەر عیراقی بون دەستەمۆ بکا ، عیراقی بونێك کە بەشێك بێ لە نیشتمانی ونەتەوەی عەرەب ، واتە سرینەوەی کوردستانێتی وتواندنەوەی نەتەوایەتی لە قەوارەیەکی عیراقی نەتەوایەتی عەرەبیدا ، کە تیایدا بۆ عەرەبی عیراق هەبێ بیر بکاتەوە و خەبات بکا بۆ

ئەوەی بەشێکی یەکگرتو بێت لە نیشتمان و نەتەوەی عەرەب ، تەواوی عیراق بکاتە بەشێکی لە پساندن نەهاتوی نیشتمانی عەرەب ... کوردیش بۆی هەبێ خۆی بگۆڕێ و لە بۆتەی نەتەوایەتی عەرەبی دا بتوێتەوە ، بەڵام بۆی نەبێ بیر لەوە بکاتەوە کە، بەشێکە لە نەتەوەیەکی دابەشکراو و خاکەکەشی بەشێکە لە کوردستانی پارچە پارچە کراو . لە کاتێکدا کە بزوتنەوەی بابەتی و مێژوکرد لە هەناوی کۆمەڵی کوردستان دا گەشەکردن و بۆ پێشەوە چونی خۆی لە رزگاری کوردستان و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی دا ئەبینێ ، هەروەکو جولانەوەی بابەتی هەناوی کۆمەڵی عەرەبیش گەشەکردن و بۆ پێشەوەچونی خۆی لە رزگاری نیشتمانی عەرەبی و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی دا ئەبینێ .

ئەو هەوڵ و تەقەلا هەمە چەشنە بەردەوامەی بورجوازی عەرەبی عیراق ، بە تایبەتی ئەوەی بورجوازی بیروکراتی فەرمانڕەوای ئێستای عیراق بۆ چەسپاندنی بیری عیراقچێتی ئەیدا نەک هەر نەیتوانیوە بیری کوردستانی بون ریشەکێش بکا ، بەڵکە بۆتە هۆی ئەوەی گیانی کوردستانی بون لەناو زەحمەتکێشانی کوردستان دا قوڵتر رەگ و ریشە داکوتێ ، و خەلکی سورتربن لەسەر ئەوەی پاشە رۆژ و ئامانجەکانی خۆیان و گەشەکردنی کۆمەڵەکەیان لە چوارچێوەی رزگاری کوردستان و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی کورد و پێشکەوتنی دا ببینن .

بەڵام بەشێکی زۆری بورجوازی کوردستانی عیراق ملی بۆ بیرو بۆچونی عیراقچێتی شۆڕ کردوە ، بەرژەوەندی ئێستا و پاشەڕۆژی خۆی بەستۆتەوە بە بازاڕی یەکگرتوی عیراقەوە ، و دەستی لەگەڵ بورجوازی نەتەوەی دەسەڵاتداری عەرەبی تێکەڵ کردوە ، و دەستەمۆی ئەو بورجوازیە فەرمانڕەوایە بوە و دژی بیری کوردستانی بون و بزوتنەوەی نەتەوەکەی وەستاوە و ، کەوتۆتە بەرەی دژی زەحمەتکێشانی کوردستان و بیروبۆچون و بەرژەوەندی ئەوان .

## عیراقچێتی بورجوازی کوردستان

ئەگەر بە وردی تەماشای بەرژەوەندی و هەڵوێستی بورجوازی کوردستان بکەین ، هەر لە قۆنتەراتچی وبازرگانە گەورەکان و فرۆشیار و کڕیاری بە کۆمەڵ و فەرمانبەر و بەڕێوەبەرەزلەکان و ئەفسەری گەورە و ئەندامانی ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیذی و سەرجاش ، تا ئەگاتە سەر دوکتۆرە گەورەکان و محامیە زلەکانی ئەبینین هەمو بیری عیراقچێتی قبوڵ ئەکەن ، بەرژەوەندی و دەسکەوت و پاشەڕۆژی خۆیان لە عیراقچێتی دا ئەبینن و دژی کوردستانی بون ئەوەستن .

لە کاتێکدا بورجوازی وڵاتانی ئەوروپا هەڵگری ئاڵای شۆڕش و روخاندنی دەرەبەگایەتی و یەکێتی نەتەوەو یەکخستنی نیشتمانەکەیان بون و ئەگەرچی لەروی مێژوییەوە ، جوڵانەوەی نەتەوایەتی ، جوڵانەوەی بورجوازی و گەشەکردن و بۆ پێشەوەچونێتی لە پێناوی یەکخستنی بازاڕی نەتەوایەتی ، و دەست گرتن بە سەر کانگا و سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی وڵاتی خۆی بەبەکارهێنانی ، و سود وەرگرتن لە دەستی کاری خەڵکی وڵاتەکەی خۆی ، دژی بارچە بارچە کردنی نیشتمانی وبازاڕی نیشتمانی لە لایەن رژێمی دەرەبەگایەتییەوە ، یان دژی داگیرکەرێکی بێگانە و چینە نۆکەرە خۆماڵیەکان ، کە بازاڕ و کەرەستەی خاو و دەستی کاری هەرزانی وڵاتەکەی لێ زەوت ئەکەن ، و رێگەی گەشەکردن و دەسەڵات گرتنەدەستی لێ ئەگرن: بە پێی سروشتی جوڵانەوەی نەتەوایەتی ئەبوایە بورجوازی کوردستان هەڵگری ئاڵای کوردستانی بون و رزگاری نیشتمان و یەکگرتنەوەی نەتەوایەتی بوایە ، کەچی زوربەی بورجوازی کوردستان دەستە لەگەڵ داگیرکەر تێکەڵ ئەکەن و خۆیان ئەخەنە خزمەتی بورجوازی نەتەوەی دەسەڵاتدارەوە .

لە کوردستانی عیراقیش دا ، هەڵگری ئاڵای عیرقچێتی و دەست تێکەڵکردنن لەگەڵ بورجوازی بیروکراتی عەرەبی

فەرمانڕەوادا .

جیاوازی بورجوازی کوردستان لە بورجوازی وڵاتانی ئەوروپا ، لە سروشت و بەرنامەدا ، لە جەنگاوەری ونیشتمان پەروەریتی دا ، لە سوربون لەسەر یەکخستنی بازاڕو سەرچاوەکانی کەرەستەی خاو و بەگەڕخستنی دەستی کاری هەرزانی وڵاتی خۆی دا ، یان دەست تێکەڵاو کردن لەگەڵ داگیرکەردا ، لە شێوەی گەشەکردن ورادەی بەخۆداهاتن و بەهێز بونی ئەو بورجوایەوە هاتوە ، لە جیاوازی سەردەمەکانیان و جیاوازی دەرفەتی گەشەکردن و خورت بونیانەوە پەیدابوە .

لە دوای یەکەمین جەنگی جیهان و شۆڕشی ئۆکتوبەری مەزنەوە ، و گەیشتنی پێش بڕکێی ئازادی سەرمایەداری بە قۆناغی ئیمپریالیزم گۆڕینێکی قوڵ و بنەڕەتی وای بەسەر دنیادا هێنا ، کە گەشەکردن و پێشکەوتنی هەمو وڵاتانی ژێردەستە و پاشکەوتو ، یا وڵاتانی پاشکۆی ئیمپریالزم بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانیەوە ببەسترێتەوە . چونکە پاش ئەوەی سەرمایەداری سروشتێکی جیهانی پەیدا کرد و بازاڕی وڵاتانی پاشکەوتوی بە خۆیەوە گرێدایەوە ، هەمو ئەو وڵاتانە و بگرە هەرە دواکەوتوەشیانی بەدوای خۆیدا کێش کرد ، و کار تێکردنی راستەوخۆ لەو وڵاتانەدا دەستی کرد بە رەنگدانەوە لە بواری بەرهەمهێنانی سروشتی و پیشەدەستیەکان دا ، وە لە بواری ئاڵوگۆڕ و بازرگانی ناوخۆدا هەروەك کاری کردە سەر شارولادێ و دابەشکردنی کارو کەڵەکەبونی سەرمایە . بە واتەیەکی تر لە قۆناغی ئیمپریالیزم دا ، پەیدا بونی ئیمپریالیزم بو بە هۆی تێکدان و شێواندنی پرۆسەی گەشەکردنی کۆمەڵەکانی وڵاتانی ژێردەستە و پاشکۆی بازاڕی سەرمایەداری جیهانی ، وە بو بە هۆی بزرکاندن و شێواندنی گەشەکردنی ئاسایی سەرمایەداری و چینی بورجوازی لەم وڵاتانەدا .

پەیدابونی ئیمپریالیزم و بازاڕی سەرمایەداری جیهانی

و گرێدانەوەی بازاڕی وڵاتانی ژێردەستە و پاشکۆ بەم بازاڕەوە ، لەلایەك بوبە هۆی ڕاکێشانی ئەو کۆمەڵە باشەوتوانە بۆ چوارچێوەی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری ، و بە درای خۆی دا کێشی کردن و تەکانێکی ئاڵۆزی بە ڕەوتی گەشەکردنیان دا ، بە تایبەتی کە بە هۆی یەکەمین جەنگی جیهانیەوە ، داگیرکەرە ئیمپریالیستەکان ڕاستەوخۆ چونە زوربەی ئەو وڵاتانە و ، دیاردەکانی سەرمایەداریان لەگەڵ خۆیان دا بۆ بردن و بەسەریان دا سەپاندن ٠ لە لایەکی تریشەوە ڕێگەی گەشەکردنی سەرمایەداری و بۆ پێشەوە چون و بە هێزبونیان لەو وڵاتانە و لە بورجوازی ئەو وڵاتانە گرت٠ ڕێگەیان لە گەشەکردنی پیشەسازی نیشتمانی و بورجوازی پیشەسازی تەنی ٠ وڵاتەکانیان کردن بە بازاڕی ساخکردنەوەی کاڵای سەرمایەداری بێگانە ، و بازاڕوبازرگانی ، هاوردن و ناردنیان تیا گەرم کرد و زەمینەیان خۆشکرد بۆ پەیدا بونی بورجوازی کۆمپرادۆری ، دەڵالی فرۆشتنی کاڵای بێگانە ، و دەڵاڵ لە نێوان کۆمپانیا بیگانەکان و بازاڕی ناوخۆدا ، لەگەڵ توێژێکی بورجوازی بیروکراتی مشەخۆر و توێژێکی بورجوازی موڵکداری خانوبەرەی دەستەمۆی داگیرکەرو سەرمایەداری بێگانە ٠ ئەم توێژانەی بورجوازی کە زوربەیان شێوەی بورجوازی بازرگانی و بورجوازی بیروکراتیان بەخۆوە گرتبو ، لەو جۆرە بورجوازیەن کە بەرژەوەندیان بە مانەوەی دەسەڵات و نفوزی سەرمایەداری بێگانەوە بەستراوەتەوە ، وە ئامادەن کە بە ئاسانی دەستی لەگەڵ تێکەڵاو بکەن و خۆیانی پێ بفرۆشن ٠

لەم وڵاتانەدا و لە چوارچێوەی پەیوەندیە ئابوری و سیاسی و فەرهەنگیە ئاڵۆزەکانی ئیمپریالیستی دا سەودای گەشەکردن و پەرەسەندنی بورجوازی پیشەسازی زۆر تەسك بوەوە ، بەرهەمی پیشەسازی و بورجوازی پیشەسازی توانای ململانێ و بەربەرەکانێی بەرهەمی پیشەسازی و سەرمایەداری

بێگانەیان کەم بووە ، لە بەر ئەوە بورجوازی پیشەسازی وە بەمانایەکی فراوانتر بورجوازی نیشتمانی بەشێکی لاواز و کەم توانای بورجوازی ئەم وڵاتانەیە .

داگیرکەرە بەریتانیەکان ، هەمان ڕێوشوێنیان بەرامبەر عیراق گرتە بەر و بەهەمان شێوە کاریان کردە سەرشێواندنی گەشەکردنی کۆمەڵ و ئابووری عیراق ، بازاڕی عیراق کرا بە بەشێک لە بازاڕی سەرمایەداری جیهانی ، دەستیان بەسەر بازاڕ و کانگاو سەرچاوەکانی کەرەستە خاوەکانیدا گرت ، وە دەستی کاری هەرزانی وڵاتەکەیان لە کاروباری ئابووری و بەرهەمهێنانی خۆیان دا بەکار هێنا ... زوربەی پیشەگەرییەکانی بازاڕی عیراقیش لە روی هاتنی سەرمایەداری بێگانە و بەرهەمەکانیان دا ، لە بەرهەم هێنان و بازاڕ کشانەوە ، ژمارەیان کەم بووە ، رویان کردە کزی و لاوازی ، واتە شالاوی سەرمایەداری بێگانە مۆڵەتی ئەوەی نەدان بەخۆیان دا بین و ببنە ناوکی پیشەسازی کارگەی گەورەی سەرمایەداری خۆماڵی .

هاتنی سەرمایەداری بێگانە و دەسەلات و نفوزی ئەو سەرمایەداریە بو بە هوی ئەوەی کە توێژێکی بورجوازی کومپرادوری و توێژێکی بورجوازی مولکداری خانوبەرەو توێژێکی بورجوازی بیروکراتی پەیدا ببن و روبکەنە پەرەسەندن و فراوانبون ، کەچی بورجوازی پیشەسازی بەرەودواکشایەوە و بەرگەی بەربەرەکانی سەرمایە و بەرهەمی بێگانەی بە هیز و پیشکەوتوی نەگرت ، بەمجورە ئەم بورجوازیە مولەتی گەشەکردنی ئەوەندە نەبو کە بتوانی بە چاکی لەسەر پێی خوی بوەستی و بازارو سەرچاوەکانی کەرەسەی خاو لە چنگی بێگانە دەربهێنی و لە ژیر زەبری کارتیکردنی بازاری سەرمایەداری جیهان دەربازی بکات .

بورجوازی کوردستانیش لەو هەلومەرجە دا ، لەژێر چنگی داگیرکەرە بەریتانیەکان و بالادەستی سەرمایەداری ئینگلیزی

و بەستنەوەی بازاڕی سەرانسەری عیراق بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانیەوە .. وەکو بورجوازی عەرەبی عیراق و باقی بورجوازیەکانی وڵاتانی ناوچەکە ، کەوتە ژێر کارتێکردنی راستەوخۆی دەستێوەردان و شێواندنی بێگانەوە . بورجوازی پیشەسازی مۆڵەتی پەرەسەندن و گەشەکردنی بۆ نەمایەوە و کشایەوە بۆ پاشەوە ، کەچی بورجوازی بازرگانی وبورجوازی موڵکداری خانوبەرە و بورجوازی بیروکراتی لەژێر سێبەری دەسەلاتی بێگانەدا کەوتنە پەرەسەندن و فراوانبون ، واتە گەشەکردنی سەرمایەداری ئاسایی و سەربەخۆ ، لە رێگەی خۆی ترازا و دوچاری شێواندن و بزرکان بو ، کلکایەتی و گرێدانەوەش لە ناو بورجوازی کوردستان دا پەرەی سەند و زوربەی بورجوازی کوردستانیش ، بازرگانی و بیروکراتی خاوەن خانوبەرە بونە دەسکەلای بێگانە . کەچی بورجوازی عەرەبی عیراق بە هۆی زۆرایەتی و بە هۆی قوڵایی بەرینی ستراتیجی نەتەوایەتی عەرەبیەوە ، وە لە ئەنجامی گەشەکردن و پەرەسەندنی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی عەرەبی دا ، و بە پشتیوانی دەوڵەتە سۆسیالیستەکان توانی بوارێکی تەسکی بۆ پێشەوە چون و بە خۆدا هاتنەوە بدۆزێتەوە . بە تایبەتی لە پاش شۆڕشی ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ەوە ، دەست بکا بە جێبەجێ کردنی نەخشەیەك بۆ دەستگرتن بە سەر بەشێکی ئابوری عیراق تا لە ئەنجامدا توانی دەست بەسەر شادەمارەکانی ئابوری عیراق دا بگرێ ، بە بێ ئەوەی کە بتوانێ بە تەواوەتی لە کار تێکردنی گشتی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری جیهانی و لە داوی ئیمپریالیستی و رەنگدانەوەی لە ئابوری عیراق دا دەرباز ببێ .

بەڵام توانی دەرفەتی تەکاندانێك بکاتەوە ، دەسەڵاتی سیاسی خۆی بە هێزتر بکا ، و توندتر جەنگ لە کوردستان گیر بکا و بە بانکۆی ئابوری و بازاڕی خۆیەوە ببەستیەوە ، وە هەمان رێوشوێن بگرێتە بەر کە ئیمپریالیزم لەسەر ئاستی

دنیا بەرامبەر ئاسیا و ئەفریقا وئەمریکای لاتین پیادەی ئەکرد ، واتە کوردستانی کردە سەرچاوەی کەرەستەی خاو و بازاڕی ساخکردنەوەی کەل و پەل و بازرگانی خۆی و مەیدانی بەکرێ گرتنی دەستی کاری هەرزان . بەمجۆرە دەستتێوەردان و خۆ تێ هەڵقورتاندنی بورجوازی عەرەبی عیراق ، کۆسپێکی گەورەتری لە ڕووی گەشەکردنی ئاسایی ئابوری کوردستان دا قوت کردەوە و ڕێگەی گەشەکردن و بەهێزبونی لە بورجوازی پیشەسازی گرت .

بوجوازی کوردستان ، لەو هەلومەرجە نوێ یەدا ، دوجار بەسترایەوە ، دوجار دەستێوەردانی بێگانە ڕەوتی گەشەکردنی شێواند . بازاڕی کوردستان لە لایەک بە بازاڕی سەرمایەداری عەرەبی عیراقەوە بەسترایەوە ، لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ ئەو بازاڕەدا بە بازاڕی سەرمایەداری جیهانیەوە بەسترایەوە .. واتە دوفاکتەری دەرەکی کەوتنە کارتێکردن و شێواندن و بڕرکاندنی گەشەکردنی سەرمایەداری و ڕەنگ ڕشتنی پەیدا بون و گەشەکردنی بورجوازی کورد .

لەو دوخە ئالوزو نالەبارەدا ، لەو بازارە دەست بەسەرا گیراو و گری دراوەی کوردستان دا . کڕین و فروشتن و هاوردن و ناردنی بازرگانی پەرەی سەند و لەگەڵ خوی دا قەوارەی بورجوازی بازرگانی گەورە کرد ، و زەمینەیەکی لەباریشی بو پەرەسەندنی بورجوازی مفتخور و بیروکراتی خوشکرد . لەگەڵ گەشەکردن و فراوانبونی دەزگا دەولەتیەکان دا تا ئەهات بورجوازی بیروکراتی قەوارەی زل تر و فشول تر ئەبو .

دوای گەشەکردنی سەرمایەداری دەوڵەتی و بەهێز بونی، و باش چەسپاندن و قایم بونی دەسەلاتی بورجوازی بیروکراتی عەرەبی عیراق ، ئەو شێوە بورجوازیە مفتخورانەی کورد کە بە سەرمایەداری دەولەتی و بە بورجوازی بیروکراتی عەرەبەوە بەسترابونەوە زیاتر پەرەیان سەند و قەبەتربون . واتە بورجوازی بازرگانی و بورجوازی مولکداری خانوبەرە و

بورجوازی بیروکراتی زلتر ئەبون و بورجوازی پیشەسازیش وەك خۆی بە لاوازی ئەمایەوە و بە سستی و لە سنورێکی تەسك دا رێی ئەکرد .

ئەو جۆرە پەیدا بونەی بورجوازی کوردستان و ئەو شێوە گەشەکردنە نائاساییە کارێکی قوڵی کردە سەر پێکهاتنی چینی بورجوازی کوردستان ، سەر بەرنامە و هەڵوێستی ، سەر رادەی سەربەخۆیی و پەیوەندی لەگەڵ بورجوازی عەرەبی عیراق ، سەر نیشتمانپەروەرێتی و بەشداری کردنی خەباتی رزگاری نیشتمانی . لەبەر ئەوە لە روی ئابوری و سیاسیەوە چینێکی لاواز و رارا و سەوداکارە ، توانا و پشوی بەردەوامی نیە لە خەباتی رزگاری نیشتمانی دا ، توانای سەرکردایەتی کردنی جولانەوەکەشی نیە و لە روی مێژوییەوە ئەو سەروەریە کەوتۆتە سەرشانی چینی کرێکار .

بەشێکی زوری بورجوازی کوردستان ، لە توێژە دەسکەلاکانی بورجوازی عەرەبیی عیراقن ، تێز و بیرو بۆچونەکانی بورجوازی عەرەبی بڵاو ئەکەنەوە ، " عیراقچێتی " داگیرکەر پەسەند ئەکەن و هەوڵی چەسپاندنی ئەدەن و بیری کوردستانی بون رەت ئەکەنەوە .

بورجوازی بازرگانی کوردستان ، لە بازارێك دا بە شوێن ئەوبەڕی قازانج و دەسکەوتی خۆی دا وێڵە کە بە بازاری عیراقی عەرەبیەوە بەستراوەتەوە ، و لە ژێر چنگی بورجوازی عەرەبی عیراق دایە و شادەمارەکانی بە دەست ئەوەوەیە . کڕین و فرۆشتن ، ناردن و هاوردن لەژێر کۆنترۆڵ و دەسەلاتی بورجوازی بیروکراتی عەرەبی فەرمانڕەوای عیراق دایە ، بازاڕ و بازرگانی و هەوڵ و کۆششی بورجوازی بازرگانی کوردستان بەو بورجوازیە بیروکراتەو بە دەسەلاتی ئەوەوە بەستراوەتەوە ، چونکە لە دەلالی کردنی بورجوازی عەرەبی عیراق و کۆکردنەوەی کەرەستەی خاو ناردنی ، یا هاوردن و ساخکردنەوەی کالای بەرهەمهێنەر و هاوردەی ئەو بورجوازیە

دەسەڵاتدارە زیاتر هیچی بۆ ناکرێ. خۆشی ئەیەوێ لە بازاڕێکی فراوان و ئارامی ئەوتۆدا بازرگانی بکا کە سەرانسەری عیراق بگرێتەوە، دەسەڵاتێکی مەرکەزی بە هێز ئاسایشی بۆ بپارێزی، کەس گۆمی مەنگی لێ نەشڵەقێنێ و بازاڕ و بازرگانی لێ تێک نەدا و چالاکی ئابوری پەک نەخا و قازانج و دەسکەوتی تایبەتی خۆی لە دەست نەدا. کەس بەشێکی ئەو بازاڕەی لێ دانەبڕێ و لێی تەسک نەکاتەوە، کەسیش پشێوی بۆ نەخاتەوە.

ئەم بورجوازیەی کوردستان، لە عیراقی بونی دا ئەو مەبەستانە ئەپێکێ و بەرژەوەندی پارێزراو ئەبێ، بەڵام لە کوردستانی بون دا شەڕ و هەلومەرجی نائاسایی ئەبینێ کە بازاڕەکەی لێ ئەشێوێنێ و چالاکی ئابوری تووشی قۆرتی هات و نەهات ئەکا و زیانی پێ ئەگەیەنێ. جگە لەوەی کە بە چەندین دا و بە بورجوازی عەرەبی عیراقەوە بەستراوەتەوە و هەستی عیراقی بونی لە لا قوڵ بۆتەوە.

لە کوردستانی بونیش دا، خۆی وا ئەبینێ کە دوچاری چارەنوسێکی نادیار و ڕەش ئەبێ، لەبەر ئەوە بەرژەوەندی و پاشەڕۆژی ئەم بورجوازیە بە بەرژەوەندی بورجوازی عەرەبی عیراق و بە عیراقی بونەوە بەستراوەتەوە.

بورجوازی موڵکداری خانوبەرەی کوردستان، ئەم توێژە بورجوازیەش، وەکو بورجوازی بازرگانی پڕ بە دڵ هەل و مەرجێکی ئارامی وای ئەوێ، کە کڕین و فرۆشتنی خانوبەرە، بەرزی هەبێ، بە کرێ دانیش دەسکەوتی زۆری بخاتە چنگ... ئەیەوێ موڵک و خانوبەرە بکڕێ و بفرۆشێ و بە کرێ بدا، بە بێ گوێدانە شوێنەکەی، لە سلێمانی و هەولێر بێ، یان لە بەغدا و موسڵ بێ، گرنگ نیە، خۆی و سەرمایەکەی شوێنی قازانج ئەکەوێ.. ئەنجا خاوەنێتی خانوبەرە و کڕین و فرۆشتن و بە کرێ دانی لە کوێ دەسکەوتی زۆری چنگ بخا لەوێ ئەبێ، لەبەر ئەوە ئەم توێژە قازانج و دەسکەوتی خۆی لە عیراقی

بوون دا ئەبینێ ، بەڵام وا تەماشای بیری کوردستانی بوون ئەکا ، کە بەڵایەکە ، هەڕەشە لە موڵك و خانوبەرە و دەست کەوتی ئەکا و شەڕو هەلومەرجی نائارامی بۆ ئەڕەخسێنێ ، بەرژەوەندییەکانی تیا ئەچێ . ئەم توێژەی بورجوازی کوردستان بیری عیراقچێتی پەسەند ئەکا و بیری کوردستانی بوون ڕەت ئەکاتەوە .

بورجوازی بیروکراتی و مشەخۆر ... قۆنتەراتچی و وەزیرە کوردەکان ، ئەندامانی ئەنجومەنە باڵاکان و ئەندامانی ئەنجومەنی تەشریعی و تەنفیذی ، فەرمانبەرە زلەکان ، ئەفسەرە کوردە گەورەکانی سوپای عیراق ، محامی و دوکتۆرە زلەکان ، سەرجاش و کاربەدەستە کوردەکانی دەزگاکانی سەرکوتانەوە ، توێژێکی بورجوازی بیروکراتی و مشەخۆری کوردستان پێك ئەهێنن ، کە هەم بەرژەوەندی و پاشەڕۆژیان بە دەسەڵات و پاشەڕۆژی بورجوازی فەرمانڕەوای عەرەبی عیراقەوە بەستراوەتەوە ، هەم لە خزمەتی ئەو بورجوازیە بیروکراتە فەرمانڕەوایەدان . ئەم توێژە بەهۆی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان و شۆڕشەوە ، بە هۆی خیانەت کردن لە جوڵانەوەی گەلی کوردستان و خۆ فرۆشتن بە داگیرکەرەوە ، تا دێ فراوانتر ئەبێ و توندوتۆڵ تر بە فەرمانڕەوایی بورجوازی عەرەبی عیراقەوە ئەبەسترێتەوە . گەشەکردن و پەرەسەندنی سەرمایەداری دەوڵەتی و دەسەڵاتی بورجوازی بیروکراتی عەرەبی عیراقیش هۆیەکی تری ئەو فراوانبوون و کلکایەتیەی ئەو توێژە بیروکراتیەی بورجوازی کوردستانە ، کە قازانج و دەسکەوتی ئێستا و پاشەڕۆژیان کەوتۆتە دەست بورجوازی عەرەبی فەرمانڕەوای عیراق ، دەوڵەمەند بوون و پاراستنی پلەوپایەیان بەندە بە خۆفرۆشتن و کلکایەتی کردنی ئەو بورجوازیە دەسەڵاتدارە ، لەبەر ئەوە نەك هەر تێزەکانی داگیرکەر قبوڵ ئەکەن و بیروبۆچوونی بڵاو ئەکەنەوە بگرە لە داگیرکەر پتر عیراقچێتی ئەکەن و دژی کوردستانی بوون

ئەوەستن و هەوڵی لە قاڵبدانی کورد ئەکەن لە چوارچێوەی بیروبۆچونەکانی بورجوازی عەرەبیی عیراق دا .

×

رەنگدانەوەی بیری عیراقچێتی داگیرکەر لە بیرو بەرنامەی بورجوازی کوردستان دا ، زادەی ئەو هەلومەرجە ناهەموارەیە کە گەشەکردنی کۆمەڵی کوردستان و بورجوازی کورد لە ژێر سایەی پارچە پارچەکردنی نیشتمان و داگیرکردن دا بەخۆیەوە دیوە ، بەری شێواندن و بزرکاندنی گەشەکردنی ئاسایی کۆمەڵی کوردستانە ، کە ئەویش بۆتە هۆی شێواندنی رووخسارو ماهیەتی سەرمایەداری لە کوردستان دا ، وە هۆی هەڵەنگوتن و گلانی بورجوازی پیشەسازی و پوخڵ کردنی بورجوازی کوردستان .

پارچە پارچە کردن و داگیرکردنی کوردستان و ژێردەستەیی و سەپاندنی پاشکۆیەتی ئابووری و سیاسی بەسەریدا ، هەر لە سەرەتاوە پرۆسەی گەشەکردنی سەرمایەداری شێواندە بەرهەمی بازاری بچوک ( پیشەدەستیەکان ) ی لە گەیشتن بە سنعەتی ئامێری کارگەی گەورە دابڕی ، پیشەدەستیەکان تازە لە هەندێ شاری کوردستان سەریان کردبو بە مانیفاکتۆرەدا و تازە بەرهەمهێنانی مانیفاکتۆر کەوتبوە دەرکەوتن کە داگیرکردن و دابەشکردنی کوردستان رەوتی گەشە کردنی مانیفاکتۆرەی شێواند ، و رێگەی نەدا بگاتە پلەی ئامێری گەورە ، بەوەشەوە نەوەستا ، بگرە مانیفاکتۆرەو پیشە دەستیەکان و بەرهەمەکانی هاویشتنە بازارێکی داگیرکراوەوە کە بە کاڵای هەمەجۆری سەرمایەداری بێگانە تقوم بوبو، هەر لەو هەلومەرج و بازارەدا توانای بە مانیفاکتۆر و پیشە دەستیەکان بڕی و توشی شکست و خۆخواردنەوەی کردن ، و ئیتر گەشەکردنی پیشەسازی و بورجوازی پیشەسازی کوردستان پەکی کەوت و دوچاری کزی و لاوازی هات و لە ژێر چەپۆکی بورجوازی عەرەبی عیراق دا دەستەیەکی بە توانا لەو بورجوازیە نیشتمانیە پێک نەهات .

بێگومان یەک کەوتنی گەشەکردنی پیشەسازی و بورجوازی پیشەسازی کوردستان کارێکی قوڵی کردە سەر چۆنێتی پێک هاتنی چینی بورجوازی کوردستان ، سەر بەرنامە و ڕادەی نیشتمانپەروەرێتی یا ڕادەی خۆبەستنەوە بە بورجوازی عەرەبی عیراقەوە .

بورجوازی پیشەسازی کە سەبارەت بە مەرجەکانی ژیان و بۆ پێشەوە چونی . لە سەر بازاڕی نیشتمانی و لە سەر مەڵبەندەکانی کەرەستەی خاو و لەسەر دەستی کاری هەرزان ئەکەوێتە ناکۆکی و ململانێ لەگەڵ سەرمایەی بێگانە و دژی ئەو بورجوازی و هێزە داگیرکەرە و نۆکەرەکانی کە بازاڕی نیشتمانی لێ داگیر ئەکەن ، یان ئەبنە کۆسپ لە ڕێبازی یەکخستنەوەی بازاری نەتەوایەتی دا ، و مەڵبەندەکانی کەرەستەی خاو و دەستی کاری هەرزانی لێ داگیر ئەکەن ..

بورجوازی پیشەسازی نەک ئەکەوێتە ململانێ لەگەڵ داگیرکەران و نۆکەرەکانی دا ، بەڵکە دژی ئەو تێز و بیرو بۆچونانەش ئەوەستێ کە داگیرکەر بە نیازی هەڵوشینی بازاڕی نیشتمانی و سامانی نەتەوایەتی بڵاویان ئەکاتەوە . لەبەر ئەوە لاوازی بورجوازی پیشەسازی و زاڵ بونی نیسبەتی بورجوازی بیرو کراتی و مشەخۆر و بازرگانی ( لەو هەلومەرجە دیاریکراوەی کوردستان دا ) ، نەک هەر گیانی بەرەنگاری و ململانێی بورجوازی کوردستان لە ڕوی داگیرکەردا لاواز ئەکا ، بگرە گیانی دەستەمۆ بون و خۆفرۆشی و پەسەندکردنی بیرو تێزەکانی داگیرکەریش هان ئەدا .

کوردستانی بونی کرێکاران و ڕەنجدەران

ئەوانەی لە ریزی کرێکاران و ڕەنجدەرانی شار و لادێی کوردستان دا ژیاون و خەباتیان کردوە ، بەبێ خۆماندو کردنێکی زۆر ، زوو ئەو ڕاستیەیان لاساخ بۆتەوە کە کرێکاران

و رەنجدەرانی کوردستان بەرژەوەندی چینایەتی و پاشەڕۆژی خۆیان و بەرژەوەندی گەلەکەیان لە کوردستانی بوندا ئەبینن و هەر بە سەلیقە بیری کوردستانی بون پەسەند ئەکەن ، قوربانی لە ڕێبازەکەی دا ئەدەن ، و بیری عیراقچێتی ڕەت ئەکەنەوە .

بێگومان ئەو هەڵوێست و تێگەیشتنەی کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان هەر لە خۆیەوە پەیدا نەبوە و لە ئاسمانەوە دانەباریوە ، بەڵکە ڕەگ و بنجی ئەو بیرکردنەوەیە لە قوڵایی مێژوی کۆمەڵی کوردستان و بە ناخی ململانێ و ناکۆکیەکانی دا شۆڕبۆتەوە و مێژوی زیاتر لە سەد ساڵ خەباتی بێ وچان ئەم کۆمەڵە لە پێناوی ڕزگاری و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی دا ئەو هەستە قوڵەی لای کرێکاران و جوتیاران و باقی رەنجدەران خەملاندوە .

چەوسانەوەی کرێکارانی کوردستان لە لایەن بورجوازیەوە ، چەوساندنەوەی جوتیارانی کوردستان لە لایەن موڵکدارە دەرەبەگ و نۆکەرەکانی داگیرکەرەوە چەوسانەوەیەکی سەخت و تایبەتیە کە لەگەڵ چەوسانەوەی نەتەوایەتی دا ئاوێتە و تێکەڵ بووە .

پەیدابونی چینی کرێکاری کوردستان وەکو گەشە کردنی کۆمەڵی کوردستان ، پەیدابون و پەرەسەندنێکی نائاسایە. کرێکارانی کوردستان لە ئەنجامی گەشە کردنی بورجوازی کوردستان و پەرەسەندنی ئاسایی پەیوەندیەکانی سەرمایەداری دا ، لە کێڵگە زەوت نەکراوە و بخرێتە کاری پیشەسازی خۆماڵیەوە ، بەڵکە لە ئەنجامی هێرش و پەلاماردانی داگیرکەردا پەرەی سەندوە و بەتەواوەتی گەورەتر پەیدا بوە .

لە کاتێکدا کۆمەڵی کوردستان هێشتا لە قۆناغی دەرەبەگایەتی و لە هەرەتی پیشەی دەستی و بەرهەمهێنانی بچوکدا بو ، تازە مانیفاکتۆرە ، دەستی کاری کۆ ئەکردەوە کە ئیمپریالیزمی بەریتانی لە نەخشەی داگیرکردنی ناوچەکە

دا ئەم بەشەی کوردستانی داگیرکرد و ، دەستی کرد بە دامەزراندنی هێڵی ئاسنین بۆ شەمەندەفەر ، و ڕێگاوبان بۆ هاتوچۆی عەسکەری و دامەزراندنی سەربازگە و دامەزراوە فەرمانڕەوایەکانی ، کە هەزاران کوردی خستە بەرکرێکاری لەو کارانەدا .. پاشرجێگیر بون و دەست کردنیش بە هەڵپەی تالانکردنی سامانی نەتەوایەتی هەزاران کوردی تری لە پرۆسەی پشکنین بە شوێن بەترۆڵ و هەڵێنجان و پاککردنەوە و ڕاگوێزانی دا خستەکارەوە . بە رادەیەك وەکو د. عەزیز شەمزینی لە کتێبی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان دا نیشانی داوە ، ساڵی ۱۹۳۷ نزیکەی ۲۵۰۰۰ کرێکاری کورد لە کاروباری دەرهێنان و پیشەسازی بەترۆڵدا بە رۆژانە کاریان کردوە .

پاش کشانەوەی ئیمپریالزمی بەریتانی لە کوردستان دا و دوای ئەوەی کە بورجوازی عەرەبی عیراق بوبە میراتگری و جێگەی گرتەوە . هەموئەو کارگە و پرۆژە ئابوریانەی کە لە کوردستان دا کردیەوە ، وەکو کارگە و ڕێگاوبان و خانوبەرەی دەزگا دەوڵەتیەکان ، و بەستەنگی دوکان و بەستەنگی دەربەندیخان ... هەزاران کرێکاری کوردی تری پەیدا کردو ، هەزارەها جوتیاری لە کێڵگەکانیان هەڵکێشا و هاویشتنیە کاری سەختی کرێکاری و کولە مەرگیەوە .. کەچی ژمارەی ئەو کرێکارانەی کە بورجوازی کورد لە کاروباری ئابوری و پرۆژەکانی خۆی دا بە گەڕی ئەخستن لە چەند هەزارێك تێپەری نەئەکرد .

بەگشتی ئەگەر دەرفەتی کۆکردنەوەی ئاماری تەواو ببی و بە چاکی بتوانرێ ئەو کرێکارانە سەرژمێر بکرێن کە بە بۆرژوازی داگیرکردنی کوردستان لە بەردەستی سەرمایەداری بێگانە و لە پرۆژەکانی ئەوان دا کاریان کردوە دەقاتی ئەوانە ئەبێ کە ڕاستەوخۆ لە بەردەست و لە کاروپرۆژەکانی بورجوازی کوردستان دا کاریان کردوە .

کرێکاری کوردستان، بە رادەی سەرەکی لە مێژوی چەوسانەوەی چینایەتیی خۆیدا، هەر چەوساوەی دەستی بورجوازیەکی بێگانە بوە، یا سەرمایەداری ئینگلیزی، یا سەرمایەداری دەوڵەتی بورجوازی فەرمانڕەوای عەرەبی عیراق تالاوی چەوسانەوەی کردوە بە گەرویدا، و بەری ڕەنجی زەوتکردوە.

ئێستاش بەشی هەرە زۆری کرێکارانی کوردستان دیل و چەوساوەی سەرمایەداری دەوڵەتن کە بورجوازی بیروکراتی عەرەبی عیراق فەرمانڕەوایەتی، بەری ڕەنجیان ئەوبورجوازیە عەرەبیە ئەیبات و سەرکارو قامچیەکانیشی ئەو توێژە بورجوازیە بیروکراتە کوردە خۆفرۆشەی کوردستانە.

ئەو داو دەزگا سەرکوتکەرانەش، کە هەمیشە داخوازیان لە قوڕگی کرێکاری کوردستاندا گیرکردوە و دەنگی ئازادیان کپ کردوە، و خۆپیشاندان و مانگرتنەکانی دامرکاندونەتەوە، هەر دەزگای داپڵۆسینی ئیمپریالیزمی بەریتانی -لەسەردەمی داگیرکردنی ئینگلیزدا- و دوای ئەوانیش هی بورجوازی عەرەبی عیراق بوە.. وە تا ئێستا بورجوازی کوردستانی دەستی نەبوە فەرمانڕەوایی وڵات بکا و کرێکاران وکۆمەڵانی خەڵکی داپڵۆسێ و جوڵانەوەکانیان دابمرکێنێتەوە.

کرێکارانی کوردستانی عیراق بەڕادەی سەرەکی بە دەست داگیرکەرانی کوردستانەوە چەوسانەتەوە، بەری ڕەنج وزێدەبایيان، لە پلەی یەکەمدا، چۆتە گیرفانی بورجوازی عەرەبی عیراقەوە، ئەویش لە بەری ڕەنجی ئەوان و لە تالانکردنی سامانی وڵاتەکەیان دەسەڵاتی خۆی بەسەردا بە هێز کردبون و هەلومەرجی درێژەکێشانی چەوسانەوەی کرێکاران و خەڵکی کوردستانی دابین کردوە، چ بە بەهێز کردنی دەزگاکانی سەرکوتانەوە بوبێ، وە چ بە بەرتیل دان و تەقەلای دەستەمۆ کردنی بەشێکی چینی کرێکار بوبێ.

لە کوردستانیشدا، کرێکاران بە ئاشکرا ئەوبورجوازیە

خۆفرۆش و نوکەرەکوردانەی دیوە کە دەسکەلای بورجوازی عەرەبی عیراقین ئازاردان و چەوسانەوەی لەسەر کەڵەکە ئەکەن و لەگەڵ ئەو بورجوازیە بیروکرات و مشەخۆرە نۆکەرانەدا روبەڕو بۆتەوە و ئەوانیشی وەکو قامچی چەوسێنەرە ئەسڵیەکەی ناسیوە ٠ ململانێی چینایەتی کرێکاران دژی چەوسێنەرەکانی هەستی چینایەتی کرێکارانی کوردستان و گیانی بە گژاچونەوەشی هەر بە دوژمنایەتی کردنی بورجوازی عەرەبی عیراقی و نۆکەرەکوردەکانی چەکەرەی کردوە و بەرەوخەملین و هەڵسانەوە ئەچێ ٠

خۆ ئەگەر چەوسانەوەی نەتەوایەتی لە بیر نەبەینەوە ، کە چۆن بو کرێکاری کوردستان بۆتە سەرباری چەوسانەوەی چینایەتی کرێکارانی کوردستان ، تێکەڵ بونی چەوسانەوەی چینایەتی و نەتەوایەتیمان لا رۆشن ئەبێتەوە ، کە بە هەزاران کرێکاری کوردلەو کاروئیشانەیان دەرئەکران کە دەیان ساڵ بو لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و خانەقین شارەزای و ئاشنایمان لەگەڵ دا پەیدا کردبو ، هەر لەبەر ئەوەی کورد بون ، نەك لەبەر ئەوەی کە میلاکی کرێکاران لەو دەزگایانەدا دوچاری هەڵئاوسان وزیاد بون هاتبێ ، بۆیە پاش دەربەدەرکردنی ئەو کرێکارە کوردانە ، لەشارەکانی باشوری عیراقەوە کرێکاری عەرەب ئەهێنران ولە جێگەی ئەو کوردانە ، بە موچە و دەسکەوتی زیاتر دائەمەزرێنران ٠

هەزاران کرێکاری کورد لە کارگەکانی بەغدادا لە کار دەرئەکران و پەرەوازە ئەکران و رەوانەی ئێران ئەکران بە بیانوی ئەوەوە کە گوایە ئێرانین ، دەرکردنی ئەو هەزاران کرێکارە و دامەزراندنەوەی کرێکاری عەرەب لە جێگەیان هەر لەبەر ئەوە بو کە کوردن و بورجوازی عەرەبی فەرمانڕەوا ئەیەوێ ژمارەی کورد کەم بکاتەوە و هەڵ لوشینی کوردستان مەیسەر بکا ٠

جیاوازی کردنی کرێکاری عەرەب لە کرێکاری کورد لە

دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلەدا ، لە کارگەی گرنگ و جێگەی تایبەتی و پڕۆژەی سەربازی دا ، لە خۆ ڕێکخستنی نەقابی و لە وەرگرتنی پلەی نەقابی دا ، نەک هەر بە گوێرەی لێوەشاوەی بەڵکو جیاوازی کردنی نەتەوایەتی و بە کەمگرتنی کورد و چەوساندنەوەی بوە ٠ ئەوانە هەمو دیمەنەکانی ئاوێتە بونی چەوسانەوەی چینایەتی و چەوساندنەوەی نەتەوایەتی کرێکاری کوردستانن ٠

لەبەر ئەوە کرێکارانی کوردستان نەک هەر دژی دەسەڵات و چەوسانەوەی بورجوازی عەرەبی عیراق و نوکەرانی ملململانێ ئەکەن ، بەڵکە دژی تیژو بیروبۆچونەکانی ئەوەستن ٠ دژی بیری عیراقچێتی داگیرکەر و بورجوازی خۆفرۆشی کوردستان ئەوەستن و خۆیان بەو جولانەوەیەوە ئەبەستنەوە کە لە هەناوی کۆمەڵەکەیان دا جۆشی سەندوە ، لە پێناوی دەرباز بون لە چەوسانەوەی بورجوازی عەرەبی عیراقی و نۆکەرانی ، دەربازبون لەو قاڵبەی کە بیری عیراقچێتی بۆ تواندنەوەی نەتەوەکەی و بۆ سڕینەوەی نیشتمانەکەی ساز کردوە شۆی بەر جولانەوە رزگاریخوازەوە ئەبەستێتەوە ، کە بەفەلسەفە و بیروبۆچونی کرێکاران رابەری ئەکرێ و دەورە سەرکردایەتیەکەی لە روی مێژویی و بابەتیەوە بەو سپێردراوە ٠

کرێکارانی کوردستان لە کوردستانی بون دا سەرفرازی خۆیان و گەل و نیشتمانەکەیان ئەبینن ، لە کوردستانی بون دا دەوری مێژویی خۆیان ئەگێڕن و بە فەلسەفەو بەرنامە و بیروبۆچونی خۆیان پاشەڕۆژی کۆمەڵەکەیان دائەمەزرێنن ٠ لە عیراقچێتی دا تیاچونی نەتەوە و نیشتمانەکەیان ئەبینن ، کەڵەکەبونی چەوسانەوە و ئەستوربونی باسکی بورجوازی عەرەبی ئەبینن ٠ ئەرکی ئینتەرناسیۆنالیستی خۆیان و جێبەجێ کردنی لە کوردستانی بون و رزگاری کوردستان دا ئەبینن ، کە ئەبێتە لە دەست دەرهێنانی مەڵبەندێکی گەورەی سامانی سروشتی و مرۆیی لە چنگی بورجوازی عەرەبی فەرمانڕەوا لە

عیراق دا ، بەوەش تەنگوچەڵەمەی ئابوری بۆئەخەنەوە توانای
ماڵی بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی و دەزگا سەرکوتکەرەکسانی
لاواز ئەکەن . دەردی سەری بو پێك دێنن و دەرفەتی ژیانەوەو
هەڵسانەوە بۆ جوڵانەوەی کرێکارانی عیراق ئەرەخسێنن . هەڵ
سانەوەی جوڵانەوەی کرێکارانی عیراق ، گەشە کردن و بۆ
پێشەوەچونی جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانی کوردستانیش بە
سەرکردایەتی کرێکارانی کوردستان ، و یەکێتی تێکۆشسان و
خەباتی هاوبەشی ئەو دوانە دەستەبەری گۆڕانی قول وگەورە
ئەبن لە ناوچەکەدا .

جوتیارانی کوردستانیش لە وەتەی بنچینەکانی رژێمی
دەرەبەگایەتی هەڵتەکاوە و دەسەڵاتی دەرەبەگەکان بەسەریانا
کەم بۆتەوە ، رووبەڕوی بورجوازی عەرەبی عیراق و کار بە
دەستانی بونەتەوە ، ئەمێ دەیان گوندی تەخت ئەکا و هەزاران
یان لێ دەربەدەر ئەکا و دەیانی تریان بێ جۆڵ ئەکا وخۆیان
پەرەوازە ئەکا بە بیانوی ئەوە کە ئەو ناوچانە نەوتاوین
نیشتەجێ بون لەوێ دا مەترسی لە سەر ئاسایشی ئابوری پەیدا
ئەکا ر قەدەغەیە ، کەچی بە بەرچاوی خۆیانەوە هەزاران
تاقم و عەشایەری عەرەب لە شوێنەکانی تری عیراقەوە ئەهێنێ
و کەرەستەوتفاقێکی زۆر و توانایەکی فراوانیان ئەخساتە
بەردەست و شەر لەو شوێنانە نیشتەجێیان ئەکا . بێزابون
و ناپەزابونیش بۆ جوتیاری کورد نیە ، چونکە گوایە ئەوە
خاکی عیراقە و بورجوازی فەرمانرەوای بەغدا خۆی ئەزانێ
عیراقی چی لێ ئەکا و لە کوێ نیشتەجێیان ئەکا .

دەمێکی تر لە دەیان شاری تری کوردستان بە مەبەستی
تەعریب کردنیان و سڕینەوەی روخساری کوردستانی یسسان
دەیان گوندی تری بە جوتیارانی کوردستان چۆل کردو خۆیان
و ماڵ و مندڵیان سەرگەردان کردن و پاشان بە بەرچاوی
خۆیانەوە بە عەرەب نشینی کردن . وەکو لە دوزو دوبز ، کفری ،
خانەقین ، تەلەعفەر ، شەنگار ، سمێل ... کرا .

وە لە ساڵانی ١٩٧٥ ـ ١٩٧٨ دا زیاتر لە ١٤٠٠ گوندی ناوچەکانی سنووری راگوێزرا وە زیاتر لە ٧٥٠ هەزار جوتیاری گوندی لە زەوی و زاری خۆیان هەڵکەند و لە ئۆردوگای زۆرەملێ دا کۆ کردنەوە و لە هەمو کارێکی بەرهەم هێنان دووری خستنەوە .

کە جوتیارانی کوردستان لەتەک کۆمەڵانی هەڵکەدا دژی ئەو زۆرلێکردن و چەوسانەوەیە رائەپەرن ، سەرلەنوێ ئاغا خۆفرۆشەکانیان لێ قوت ئەکاتەوە و بە سەرچاو و بە شێوەیەکی پڕ چەک بە سەریان دا ئەسەپێنێتەوە ، و زوڵم و چەوسانەوەی چینایەتیان بە چەند قاتی جاران لێ تازە ئەکاتەوە . یا ئەوەی ئاغاکانیان لێ ئەکاتە (مدیر ناحیە) و (قائمقام) و کاربەدەست بە شێوەیەکی نوێ چەمەن لێیان ئەکاتەوە ئاغاکەی جاران .

جوتیارانی کوردستان لە سێبەری بورجوازی عەرەبی عیراق دا ، بە درێژایی مێژووی عیراق ، هەستیان بە ئارامی و دڵنیایی نەکردوە .. ئێستاش هەمو جوتیارێکی کوردستان هەمیشە بە تەمای راگوێزران و دەربەدەری ترسێکی هەمیشەیی باڵی بەسەردا کێشاوە . لە چوارچێوەی عیراقی بونی دا مافە مرۆییەکانی زەوت ئەکری ، مافی نیشتەجێ بون و ژیان و گوزەرانی نیە لە گوندی و خاکی باوباپیرانی دا .

جوتیارانی کوردستان ، لە ناخەوە دوژمنی بورجوازی عەرەبی عیراقن ، دژی تێز و بۆچونەکانین ، دژی ئاوارە بون دەربەدەر بون و پاشکەوتنی خۆیان و گەلەکەیانن ، دژی بیری عیراقچێتی داگیرکەر و بورجوازی خۆفرۆشی کوردستانن چونکە تیاچونی گەل و نیشتمانەکەیان و مەینەتی و کوێرەوەری خۆیانی تیا ئەبینن . سەرفرازی و دەرباز بونی خۆیان و گەل و نیشتمانەکەشیان لە کوردستانی بون دا ئەبینن ، لە رزگاری نیشتمانی و باراستنی بونی نەتەوایەتی کوردا ئەبینن تا بتوانن دوور لە مەترسی راگوێزران و بەرەوازە

کردن ، دوور لە مەترسی ژیانەوەی ئاغاکانیان و دزی بەراتی ردنج و ماندو بونیان ، بتوانن بە سەربەستی لەخاکی خۆیان دا زەوی بکێڵن و لە ئەنجامی گەشەکردنی کۆمەڵەکەیان دا مەکینە و ئامێری نوێی کشتوکاڵیان بۆ پەیدا بکرێ و لە پاشکەوتن دەرباز بن .

★

کرێکاران و رەنجدەرانی کوردستان بەرژەوەندی چینایەتی و نەتەوایەتی خۆیان لە کوردستانی بوون دا ئەبینن ، کوردستانی بونیشیان رەنگدانەوەی ململانێی چینایەتی و نەتەوایەتیانە دژی داگیرکەر و بورجوازی خۆ فرۆشی [illegible] و [illegible] عیراقچێتی یان .

★ ★ ★

خستنه سەر نێت:- چالاک
chalakmuhamad@gmail.com

هەواڵنامەی کتێب

---

لە بڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستان

